

# جوانترین شانۆکانی جیهان




*** شانۆی بالیەی جارنێ:**
دەکەوێتە ناوجەرگەی پاریسی پایتەختی فەرەنساوە، پێشی دەوترێت (ئۆپێرای پاریس) و ١٦٠٠ کورسی تێدایە، ئەم شانۆیە لەلایەن تەلارساز شارڵ جارنێ نەخشەی کێشــراوەو لە ســاڵانی نێوان ١٨٧٥ تا ١٩٨٩ بارەگای ســەرەکیی تیپی ئۆپێرای پاریس بووە.



*** شانۆی رۆیاڵ ئەلبێرت:**
شــانۆی (رۆیاڵ ئەلبێرت هۆتێــل) لە ئینگلتەرە یەك لەو شانۆیانەیە کە چووەتە نێولیستی جوانترین شــانۆکانی جیهانەوە، لەو هۆڵی شانۆیەدا زیاد لە (٥) هەزار کەس جێگایان دەبێتەوە، ســاڵی ١٨٧١ کراوەتەوە ولەســەر شێوەی تەلارســازیی ئیتالیی دروستکراوە..





*** شانۆی شیکاغۆ:**
یەك لەو شانۆیانەیە کە چووەتە ریزبەندیی شــانۆ جوانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو جیهانەوە، جێگای ٣٨٨٠ بینەری تێدا دەبێتەوە، ئەم شــانۆیە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢١ دا کراوەتەوە.



*** شانۆی هێرۆدس ئەتیکۆس:**
ئەم شانۆیە کە دەکەوێتە شاری ئەسینای وڵاتی یۆنان، یەك لە شوێنەوارە هونەرییەکانی جیهانە، لەسەر شێوازی تەلارسازیی کلاسیکەوە هیرۆدس ئەتیکۆس نەخشــەی کێشــاوە، ســێ نهۆمەو جێگای (٥) هەزار بینەری تێدا دەبێتەوە..

شانۆ ، یەک لەو جێگایانەیە کە وڵاتە پێشکەوتووەکانو خاوەن شارستانییەکان بایەخی زۆری پێدەدەن، چونکە سـەرچاوەیەکی گەورەیە بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی جیاوازو هەمە جۆر، ئەو وڵاتانە بۆ دروســتکردنی شانۆ جوانو سەرنج راکێشەکانیان کێبڕکێیان کردوە، چونکە بە فاکتەرێکی سەرەکییان زانیوە بۆ رازاندنەوەی ژیانیانو بەرزکردنەوەی ئاستی شارستانییان. ماڵپەڕی ( هۆفینجتون) ژمارەیەک لە شانۆ جوانەکانی جیهانیان خستووەتە بەرچاو، ئەوانەی بە ئاسەواری بەنرخو کاری هونەریی ناوازە ناو دەبرێن.

ئا: یاسین قادر بەرزنجی




*** شانۆی ئەمازۆن:**

دەکەوێتە شاری ماناوسی بەرازیلەوە، یەکێکە لەو جێگانەی کە گەشتیاران لەکاتی سەردانی ئەو شـارەدا دەچنە بینینی. ئەم شـانۆیە لە ساڵی ١٨٩٦ دا کراوەتەوەو لەسێ نهۆم پێکهاتووەو تیایدا نمایشی موزیکو ئۆپێرا پێشکەش دەکرێت..



*** شانۆی ئۆپێرای سیدنی:**

دەکەوێتە سـەر کەنارەکانی زەریاوە لە ئوستراليا، یەك لە هەرە جوانترین شـانۆکانە، سـاڵی ١٩٧٤ ئەندازیاری دانیمارکی (جۆرن ئۆتزن) بەبڕی ١٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ تێچووی،نەخشەی کێشـاوە. ئەم تەلارە بە چیمەنتۆو پۆڵا دروسـتکراوەو جێی ٦٦٠٠ بینەری تێدا دەبێتەوەو تیایدا نمایشی موزیكو ئۆپێراو بالیەو فیلمو موزیکی تاك ژەنین نمایش دەکرێت..



*** شانۆی بالودی لاموزیکا:**

لـە بەرشـەلۆنەیەو لویس ئـی مونتا نیر نەخشـەی کێشاوە، سـاڵی ١٩٠٨ کراوەتەوەو یۆنسکۆ بەیەکێك لە شوێنەوارە جیهانیەکانی ئیسپانیای ناوناوە..



*** شانۆی ئالا ئیسکالا:**

دەکەوێتـە میلانـۆی ئیتالیـا، یەکێکە لە ناسـراوترین شـانۆ ئۆپێراکانی جیهانو ساڵی ١٧٧٨ کراوەتەوەو جێگای ٢٨٠٠ کەسـی تێدا دەبێتەوە، تەلارسـازییەکەی لەسـەر شێوازی کلاسیکی نوێ ئەنجامدراوە.

## سەعدون یونس:

# پێویستە هونەرمەند لە دەرەوەی کاری هونەریدا خاوەن کەسایەتی خۆی بێت

**ئەوانەی کە لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوو ئاشنای هونەری کوردی و بەتایبەتی دراما بوون، ئەستەمە (هەبوو نەبوو و کەونە دەرکە) و(رەجەبی پاقڵەخۆر)یان لە بیر نەبێت و چەندین شەو نەبوویێتە شەوچەرەیان، سەعدون یونس رۆڵی (رەجەب)ی بەشێوەیەکی بەرجەستە کرد کە تا ئێستاش بە زیندوویی لە زەینی بینەرانی بمێنێتەوە و بە جۆرێك باسی بکەن کە نەوەی ئێستا تامەزرۆیان بۆ کارەکە هەبێت و هەوڵ بدەن بیبینن، دوای ئەوەی بەشێکی ژیانی لە غوربەت بەسەر برد لە ئەوروپا و چەند وڵاتێکی دیکە سەعدون یونس گەڕایەوە کوردستان و هەر زوو دەستی بە کاری هونەری کردەوە و دەستی دایە بەشی دووەمی (کۆنە دەرکە) و بەشداریی چەند فیلمێکی کرد کە دوایەمینیان فیلمی (مەملەکەتی مێروولە)یە.**



سەعدون یونس بەوە ناسراوە کە رەخنە لە شتەکان نابەجێ و نەشیاوەکان دەگرێت ئەگەرچی خۆیشی دووچاری رەخنەی خۆی و کەسانی دیکەش دەبێتەوە و ئەمەش بە کارێکی ئاسایی و پێویست دەزانێت لە ژیان بەگشتی و کاری هونەری بەتایبەتی، لەم بارەیەوە دەڵێ: نازانم بۆ خەڵکی ئێمە بەتایبەتی هونەرمەندان بە رەخنە هەڵدەچن و قبوڵی ناکەن لە کاتێکدا هونەرمەند بە رەخنە پێش دەکەوێت و کەموکورییەکانی ناهێڵێت لە هەمان کاتدا لایەنە باشەکانی بەرهەمەکانی بەهێزتر دەکات و لە هەموو جیهان گرنگییەکی زۆر بە رەخنە دەدەن، بەڵام رەخنەکانیان بونیاتنەرە و لە پێناو باشتر کردنی بەرهەمە هونەرییەکانە نەك رەخنەیەکی رووخێنەر، رەنگە بەشێك لە ترس و هەڵچوونی هونەرمەندانی ئێمە لە رەخنەگرتنیش بۆ ئەمە بگەڕێتەوە کە رەخنەکان زانستی و ئەکادیمی نەبن و کەسێك نەبێت کە پسپۆر بێت لەو بوارە، یان تەنیا لە شتێکی دیاریکراوە شارەزا بێت، و تەنیا رەخنە بن لەپێناو رەخنەگرتن و هیچی تر.

سەبارەت بە گرنگی و پێگەی هونەرمەند لە کۆمەڵگادا و چی پێویستە لەسەر هونەرمەند، سەعدون یونس دەڵێ: من بە چاوێکی زۆر بەرزەوە سەیری هونەرمەند دەکەم، پێموایە هونەرمەند مرۆڤێکە دەبێ بە هەست و هۆش مرۆڤێکی ئاسایی نەبێت، دەبێ ناسك و خاوەن دید و تێڕوانینێکی دووربین بێت، من زۆر حەزم لە بازاڕ و گەڕانە،

بەڵام بەشێوەیەکی کەم دەگەڕێم، چونکە پێموایە لەگەڵ ئەو هونەرەی پێشکەشی دەکەی پێویستە کەسایەتیەکیش بۆ خۆت دروست بکەی، ئەوەی لەسەر شانۆ پێوەندی بە هیچ شتێکەوە نییە، ئەرکێکی سەر شانتە پێویستە جێبەجێی بکەی، بەڵام لە دەرەوەی شانۆ پێویستە خاوەن کەسایەتیی خۆت بیت، بۆیە من شانازیی بە کەسایەتیی خۆمەوە دەکەم، و بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستان بەچاوێکی بەرز سەیری هونەرمەند دەکرێت بۆیە بە برایانی هونەرمەندی خۆم دەڵێم با ئێمە بۆ هونەر شتی گەورە بکەین و ئەو گەورەییە هونەرەکەمان بپارێزێت و بە بە دڵنیاییەوە ئەم هەرێمە زۆر جوانتر دەبێ ئەگەر بایەخی زیاتر بە هونەر بدرێت.

سەعدون یونس پێیوایە هونەرمەندان وەکو کەسایەتییەکی دیار و بەرچاوی نێوکۆمەڵگا کە خەڵك ڕێزیان لێدەگرن دەتوانن رۆڵێکی بەرچاو ببینن لە پێشخستنی کۆمەڵگا و وشیار کردنەوەی خەڵك و لەم بارەیەوە دەڵێ:

خەڵك جا بە ڕێژەی جیاواز و زۆر یان کەم ڕێز لە هونەرمەندان دەگرن و هەموو هەنگاوەکانی هونەرمەندان بەرز دەنرخێنن و بە گوێرەی توانا هاوکارییان دەکەن ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر وشیار کردنەوەی خەڵك، لە ئەوروپا و رۆژئاوا بە گشتی کەسایەتییە ناودارەکان و زۆر جار کەسانی ئاسایی لە پێناو ئەنجامدانی کارێك یان پرۆژەیەکی خێرخوازی هەڵدەستن بە داهێنانی کارێکی نوێ بۆ بەجێگەیاندنی پەیامێکی دیاریکراوە و زۆر جاریش مەبەستیان کۆکردنەوەی بڕە پارەیەك بۆ سەرکەوتنی کارە خێرخوازییەکەیان، ئەم جۆرە کار و هەنگاوانە لە دوو رووەوە سوودی بۆ هونەرمەند هەیە، یەکیان ئەوەیە کە هونەرمەند سەنگ و پێگە وئاستی جەماوەریی خۆی بۆ دیاردەکەوێت ئەمەش بە جۆرێك لە رەخنە دادەنرێت، چونکە لە کۆتاییدا ئەگەر جەماوەر ڕێزی لێ گرت هونەرمەندان هەوڵ دەدەن کارەکانیان باشتر بێت بۆ ئەوەی کاری باشتر پێشکەش بکات، لە هەمان کاتدا ئەگەر پێشوازی کردنی جەماوەر وەکو پێویست نەبوو ئەوا پێویستە ئەو هونەرمەندا بەخۆیدا بچێتەوە،بەڵام ئەوە بە پێچەوانەش راستە، چونکە لە کۆتاییدا ئەوەی بڕیار لەسەر کاری باش و خراپ دەدات جەماوەرە.

سەبارەت بە رۆڵی هونەرمەندان لە پرسە نەتەوەییەکان وەك شەڕی دژی ڕێکخراوەی تیرۆریستی داعش لەم بارەیەوە مامۆستا سەعدون دەڵێ: کورد هەمیشە دوژمن و ناحەزی زۆربووە کە هەوڵیانداوە وڵاتەکەمان داگیر بکەن و ئێمەش لە خێرو و سەروەتی سامانی وڵاتی خۆمان بێبەش بکەن، ئێستاش تیرۆریستان هەوڵی داگیرکردنی کوردستان دەدەن و پێشمەرگە قارەمانەکان لە بەرگرییەکی بێ وێنەدان بۆ پاراستنی خاکی کوردستان و رۆژانە لاوان لە هەموو شارەکانی کوردستان گیانی خۆیان دەکەنە قوربانی و دەگەنە کاروانی شەهیدان، پێویستە هونەرمەندان رۆڵ و قارەمانیەتی پێشمەرگەیان لە بەرچاو بێت، ئەگەر سەیری مێژووی هونەری کوردی بکەین هەمیشە هونەرمەندە کوردەکان لە هەموو بوارەکان شانۆ دراما گۆرانی و مۆسیقا هەمیشە جۆرێك لە رۆحی بەرگری لە ناخیان هەبووە و لە کارەکانیاندا گوزارشتیان لە مەینەتییەکانی گەلەکەیان کردووە ئەگەر بە دیالۆگی شانۆیی یان دیمەنێکی دراما یان کۆپلەیەکی گۆرانییەك بوبێت، لە رۆژە سەخت و دژوارەکانی سەردەمی بەعس زۆر جار هونەرمەندانمان دووچاری گرتن و راوەدوونان بوونەتەوە، بەڵام سڵیان نەکردۆتەوە و بەردەوام بوون لە نیشاندانی هەستی کوردایەتی خۆیان و دەربڕینی خۆشەویستییان بۆ خاك و نیشتیمان، ئەوەی لەو سەردەمە ناخۆشانەدا هونەرمەندان ئەنجامیانداوە خۆی لە خۆیدا خەباتێك بوو پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت، لەم سەردەمەی ئێستاشماندا هونەرمەندان سەرەڕای سەختی و دژواریی بارودۆخی ئابووری هەریەکەو لە شوێنی خۆی و بەپێی توانا و ئیمکانیاتی خۆی پشتگیری خۆی بۆ پێشمەرگە دەربڕیوە، بە ڕای من ئەمەش بچووکترین وەفادارییە کە هونەرمەندان بۆ پێشمەرگە دەری ببڕن و مایەی دەستخۆشییە.



بیۆگرافیای سەعدوون یونس:

- لە ١٩٤٨/٧/١ لەدایك بووە.
- ساڵی ١٩٦٦ خانەی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە
- ساڵی ١٩٧٣ بەشی دەرهێنانی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا بە پلەی یەکەم تەواو کردووە.
- لە ١٩٦٧/٢/٢٣ لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو سەمیرە عەبدۆك عەساف بوونەتە هاوژین.
- دوای راپەڕین چووەتە ئەڵمانیا و ٢٠ ساڵ لەوێ بووە.
- خاوەنی زیاتر لە ١٢٠ بەرهەمی شانۆیی و دراما و فیلمی سینەمایییە.

# باڵای ئەلیشا گرفتی بۆ دروستکردووە



زۆر جار ئەکتەر و گۆرانیبێژە ناودارەکان بە دەست ناسراوی و ناوبانگەوە دەناڵێنن و بە ئاشکرا رایدەگەیەنن کە ناتوانن وەك هەر کەسێکی دیکە ژیانی ئاسایی خۆیان بەسەر بەرن و دووچاری گرفتی جۆراوجۆر دەبنەوە، بەتایبەتی لە وێنەگرتن و بڵاوبوونەوەی پروپاگەندەی جۆراوجۆر لە میدیاکان دەربارەی ژیانی ئاسایی و تایبەتی خۆیان. بەڵام کچە ئەستێرە و ئاوازدانەری ئەمریکی ئەلیشا کیز رایدەگەیەنێت کە پیاوان بە هۆی باڵا و بەژنی رێکوپێکی، گرنگی زۆریان پێدەدا، ئەمەش زۆر جار گرفتی بۆ دروستکردووە. لەم بارەیەوە ئەلیشا دەڵێ: من ئەم هەستەم تاقیکردۆتەوە بۆیە هەست بە ترسی ئافرەتان دەکەم بە هۆی توانج لێدانی پیاوانەوە تووشی دەبن، چونکە من ئەمەم زۆر بینیوە لە شەقامەکانی نیویۆرك ئەمەش رەنگە بەهۆی شێوازی جلوبەرگەکانمەوە بێت کە تا رادەیەك سەرنجراکێش بووە.

ئەلیشا زیاتر دەڵی: زۆر هەستم بە غەریزەیەکی ئاژەڵانە دەکرد لەلایەن هەندێك پیاوەوە ئەمەش منی زۆر ترساند، بۆیە هەر کە دەستم بە کاری هونەری کرد، ستایلی قژم گۆڕی و چیتر جلوبەرگی تەسکم لەبەر نەکرد بۆ ئەوەی زۆر سەرنجی پیاوان بۆ خۆم رانەکێشم، بۆیە ئێستا کە جلوبەرگی بەرین لەبەر دەکەم لە جیاتی جێنزی تەسك هەست بە جیاوازییەکی زۆر دەکەم، لە تێڕوانینی پیاوان و رزگارم بووە بە تایبەتیش لە توانجەکانیان.



# کانجا رانوت خەڵاتێکی سینەمایی رەتدەکاتەوە

یەکێك لە خەون و ئاواتەکانی هونەرمەندان و بەتایبەتی ئەکتەران بریتییە لە بەدەستهێنانی خەڵاتی فیستیڤاڵە سینەماییەکان و زۆریش هەوڵ دەدەن کە لە بواری خۆیاندا سەرکەوتوو بن و بۆ هەمان مەبەست فیلمەکانیان بۆ زیاتر لە فیستیڤاڵێك دەنێرن. بەڵام خانمە ئەکتەری هیندی کانجانا رانۆت خەڵاتی باشترین ئەکتەری فیستیڤاڵی ملبۆرنی رەتکردەوە بە رۆڵی لە فیلمی Tanu Weds Manu Returns، دوای ئەوەی لیژنەی فیلمە بەرزەکانی فیستیڤاڵی ناوبراو بانگێهشتی کانجانای کرد بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین ئەکتەری فیسیتڤاڵەکە، کانجا بە رێزەوە خەڵاتەکەی رەتکردەوە.

لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی نزیك لەم ئەکتەرە هیندییە رایگەیاند: کە کانجانا بڕوای بە سیاسەتی وەرگرتن و بەخشینی خەڵاتە سینەماییەکان نییە، بۆیە تا ئێستا هیچ خەڵاتێکی وەرنەگرتووە، تەنانەت ئەو خەڵاتانەی کە لە فیستیڤاڵەکانی هیندستانیش پێشکەشی دەکرێن و زۆر جار تووشی رەخنە و هێرشی زۆری میدیاکان بۆتەوە بە هۆی ئەو سیاسەتەی پەیڕەوی دەکات سەبارەت بە خەڵاتە سینەماییەکان.

هەمان سەرچاوە رایگەیاند کە کانجانا ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بە یاوەری تیمی فیلمە نوێیەکەی (Katti Batti) بەشداری بکات لە ئاهەنگی کۆتایی فیستیڤاڵەکە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە خەڵاتەکە وەربگرێت.



# میریهام: دەمەوێ تەنیا بە هونەرەکەمەوە سەرکەوتوو بم

میریهام حوسێن بەوە ناسراوە کە رۆڵەکانی زیاتر یاخیبوونیان تێدایە، بەڵام یاخیبوونی تەنیا دژی دابونەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان نییە، لە مانگی رەمەزانی رابردوودا بە سێ شێوە دەرکەوت و هەر لە دوای مانگی رەمەزانیش رایگەیاند کە دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ سینەما.

لە بارەی بارودۆخی ئێستای سینەمای میسری میریهام دەڵێ: سەرەڕای بابەتەکانی، کەچی سینەما بەردەوام لە گەشەدایە و ئێستا کاری زۆر بە هێزتر و زیاتر پێشکەش دەکات، سەبارەت بە بەشداریی خۆی دەڵێ: من ناتوانم حوکم لەسەر خۆم بدەم، هەرچەندە هەنگاوەکانم بە هێواشییە، بەڵام تێبینی ئەوە دەکەم کە ئێستا پێگەکەم باش بێت و شارەزاییم پەیدا کردووە، هەرچەندە دەزانم کە سەرکەوتن لە هونەردا ئاسان نییە، بەڵام توانیم بەسەر ئاستەنگەکانمدا زاڵ بم.

سەبارەت بە رۆڵی ورووژاندن لە سینەمادا میریهام دەڵێ: ناتوانم باس لەو بابەتە بەشێوەیەکی گشتی بکەم، بەڵام سەبارەت بە خۆم بە هەموو شێوەیەك رۆڵی وروژاندن بەشێوەیەکی ئاشکرا و راشکاوانە رەتدەکەم، بەڵام ئاساییە رۆڵێکی کۆمەڵایەتی ببینم کە کاریگەریی لە هەستی بینەر و جەماوەر نەکات و بەشێوەیەك نەبێت کە زیاد پێم بڵێن ئەوەی تۆ دەیکەی، زیاد لە پێویستە، چونکە ئاواتی من ئەوەیە بوونی خۆم بسەلمێنم و تەنیا لە رێگای هونەرەکەمەوە سەرکەوتوو بم.

## فاتیمە غەدان:

# هیوادارم لە ڕێگای هونەرەوە بتوانم ناوی کوردستان بەرز بکەمەوە



فاتیمە لە ساڵی ١٩٩٧ لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایك بووە. لە تەمەنی ٨ ساڵییەوە لەگەڵ خانەوادەکەی ڕوویان لە ئەورووپا کردووە و لە وڵاتی نەرویج گیرساونەتەوە. وەك کچە کوردێك خولیای بەشداری کردنی لە پێشبڕکێکانی شاجوانی هەبووە و یەکێك بووە لە پاڵێوراوان بۆ شاجوانی وڵاتی نەرویج. فاتیمە سنووری ئەورووپای بەزاند و ئێستا خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێیەکی شاجوانانی جیهان کە زیاتر لە ٤٠ وڵات بەشداریی تێدا دەکەن و ئەویش بە ناوی کوردستانەوە بەشدارە.

لە وەڵامی پرسیارێکی گوڵان سەبارەت بە هۆکاری بەشداریکردنی لەم پێشبڕکێیەدا فاتیمە دەڵێ: من خولیای هونەر و نمایشکاریی جلوبەرگم ئەمانەش پێوەندییەکی راستەوخۆیان بە شاجوانییەوە هەیە، بێگومان ئەوەی بەشداری دەکات لە پێشبڕکێکانی شاجوانی پێویستە سەرجەم رێنماییەکانی ئەو کێبڕکێیە جێبەجی بکات لە هەموو روویەکەوە بەتایبەتی جۆری جلوبەرگە تایبەتەکانی ئەم پێشبڕکێیە لەوانەش جلوبەرگی مەلەوانی رەنگە هەندەك کەس لە بوارەوە رەخنەم لێبگرن، بەڵام من گوێ بە رەخنەکانیان نادەم، چونکە پێش ئەوەی بەشداری بکەم دەمزانی یەکێك لە مەرجەکانی بەشدار بوون بریتییە لە پۆشینی ئەم جۆرە جلوبەرگانە، دوای رازی بوونی بەشدار بووان بە مەرجەکانی بەشداری کردنەوە ئینجا دەچێتە نێو کێبڕکێوە بۆ بەدەست هێنانی یەکێك لە نازناوەکان، من وەکو کچە کوردێك حەزم کرد بەشداری بکەم لەو پێشبڕکێیەدا بۆ ئەوەی لەو بوارەوە ناوی کورد بە جیهان بناسێنم و ئاشنایان بکەم بە فەرهەنگ و کەلتوور و جلوبەرگ و زمانی کوردی و هیوادار بتوانم سوود لەو دەرفەتە وەربگرم و جگە لە ناوی کورد خۆیشم زیاتر بناسێنم.

سەبارەت بە هاوکاری و پشتگیری کردن لە لایەن کەسوکارییەوە بۆ بەشداری کردن، فاتیمە نەیشاردەوە کە سەرەڕای ئەوەی لە ئەورووپا دەژین، بەڵام رووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بۆتەوە سەرەتا لە خێزانەکەیەوە و لەم بوارەیەوە دەڵێ: سەرەتا دایك و باوکم بە هیچ شێوەیەك رازی نەبوون بەشداری لەم پێشبڕکێیەدا بکەم و رەتیان کردەوە، دواتر دایکم تا رادەیەك رازی بوو و پشتیوانییەکی باشی کردم دوای ئەوەی پێم راگەیاند کە ئەمە حەز و خولیای منەوە و دەمەوێ لەم رێگایەوە ناوی وڵاتەکەم بەرز بکەمەوە، تاکە پشتیوانم دایکمە و خانەوادەکەم تا ئێستاش بەم کارە رازی نین، بەڵام من بەردەوام دەبم و هەموو هەوڵێك دەدەم بۆ ئەوەی خەون و ئارەزووەکانم بێنمە دی و هیوادارم کە خەڵك بە هەڵە لێم تێنەگەن و پێویستە لە جیاتی ئەوەی رەخنەم لێ بگرن پشتیوانیم بکەن، چونکە پێموایە ئەو بەشداری کردنەم بچووکترین کار و خزمەتە کە من پێشکەشی میللەتەکەمی بکەم، بەڵام وەك پێشتریش باسم کرد من زۆر گوێ بە رەخنەکانیان نادەم، چونکە ئەگەر هەر خەریکی وەڵامدانەوەی رەخنەکان بین ژیان هەموو دەڕوات بێ ئەوەی بتوانین بچووکترین خزمەت بکەین.

لە بارەی ئەوەی کە ئایا لە ئێران گرفتی بۆ درووست نابێت بەتایبەتی کە ئەو سەردانی ئێران دەکات، فاتیمە دەڵێ: لەو بڕوایەدا نیم تووشی گرفت و ئاستەنگ ببمەوە لە ئێران، چونکە ئەو کارەی من هیچ پێوەندییەکی بە سیاسەتەوە نییە، بەڵام دیسان دەیڵێمەوە لەبەر ئەوەی ئەو کارەی من یەکێکە لە حەز و خولیاکانمە بۆیە ئەگەر تووشی گرفتیش ببمەوە زۆر ئاساییە و ئامادەم رووبەڕوویان ببمەوە تەنیا بۆ هێنانەدی خەونەکانم.

سەبارەت بە بەشداری کردنی لە پێشبڕکێکانی شاجوانی لە نەرویج فاتیمە دەڵێ: لێرە وەك کچە نەرویجییەك بەشداریم کردووە واتە بە ناوی نەرویجەوە بووە، بەڵام سەبارەت بە پێشبڕکێکەی ئیکوادۆر لە رێگای شنە عەزیزەوە بووە و لەوێ بەناوی کچە کوردێکی شاری مهابادی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەشداریم کردووە نەك نەرویجی.

فاتیمە ئاماژەی بەوە کرد کە تا ئێستا لە هیچ لایەنێك و هیچ کەسێك هاوکاری ماددی نەکراوە بۆ بەشداری کردن لەو پێشبڕکیانە، بەڵکو هەموو خەرجییەکانی لە ئەستۆی خۆیەتی بۆیە ناچارە کار بکات تاکو بتوانێت بەردەوام بێت، هەرچەندە بەشداری کردنەکەشی بە ناوی کوردەوە بووە و هیواخوازە کە لە ئاییندەدا هاوکاری بکرێت و سپۆنسەر بۆ کارەکانی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەرکی سووکتر بێت.

زۆر جار لە رۆژهەڵاتەوە وای لێکدەدەنەوە کە جوانی و رێکی مەرجی سەرەکی وپێویستن بۆ بەشداری کردن و بەدەستهێنانی نازناوی شاجوان، بەڵام فاتیمە ئاماژە بە هەندێك پێوەری تر دەکات کە وەك مەرجی سەرەکین بۆ شاجوان و پێویستە لە خودی شاجواندا چەند سیفات و تایبەتمەندییەك هەبن و لەم بوارەوە دەڵێ: پێموایە شاجوانیی نابێ تەنیا لەرووی جەستە و رێکییەوە جوان بێت، بەڵکو ئاستی زیرەکی وکەسایەتی و رۆشنبیری لایەنێکی سەرەکین، هەروەها پێویستە شاجوان رەفتار و رەوشتی جوان بێت و کەسێك بێت کە سوودی بۆ کۆمەڵگا هەبێت و خاوەن دڵێکی فراوان بێت، یارمەتی ئەو کەسانە بدات کە پێویستیان بە هاوکاری هەیە و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کەسێکی پێرفێکت بێت، لە هەموویش گرنگتر ئەوەیە ببێتە نموونەی کەسێکی خۆبەخش و بە گوێرەی پێگەی خۆی لە کۆمەڵگادا هەوڵی یارمەتیدانی خەڵك بدات و کاریگەریی لەسەر کەسانی تر هەبێت بەشێوەیەکی ئیجابی بۆ ئەوەی ببێتە پێشەنگ.

لە کۆتاییدا فاتیمە ئاماژەی بەوە کرد کە یەکێك لە خەونەکانی ئەوەیە بتوانێت لە کۆڕو کۆبوونەوە جیهانییەکاندا ناوی کوردستان بەرز بکاتەوە و لە رێگای کوردستانەوە بناسرێت و ئەوەشی ئاشکرا کرد کە یەکێك لە ئاواتەکانی ئەوەیە ببێت بە ئەکتەرێکی سەرکەوتوو بۆ ئەوەی لەو رێگایەوەش خزمەتێك پێشکەش بە گەلی خۆی بکات.

**شاجوانیی نابێ تەنیا لەرووی جەستە و رێکییەوە جوان بێت، بەڵکو ئاستی زیرەکی وکەسایەتی و رۆشنبیری لایەنێکی سەرەکین، هەروەها پێویستە شاجوان رەفتار و رەوشتی جوان بێت و کەسێک بێت کە سوودی بۆ کۆمەڵگا هەبێت و خاوەن دڵێکی فراوان بێت**